# بۆچی ئافرەتانی باڵادەست لە کۆمەڵگەی نەریتیدا پەراوێز دەخرێن؟

زانایـــان رایانوایە، ئافرەت نەك هـــەر تەواوکەری پیاو و نیـــوەی کۆمەڵگەن، بەڵکو گـــەر دەرفەتیان پێ بدرێت، تواناکانیان لە زۆر بواردا لە پیاوان زیاترە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشەوە، زۆر جار پیاوان لەوە دەترســـن ئافرەتـــە زیرەکەکان جێگەیان پێ لێژ بکەن، بۆیە لە باڵادەستی ئافرەتە بە تواناکان نیگەرانن و لێ ناگەڕێن ئافرەتان پێش بکەون، لە وڵاتانی نەریتی و دواکەوتووش ئافرەتانی سەرکەوتوو گەلێك ئەرکیان قورسترە، لە بەر ئەوەی زۆرینەی پیاوان نەك هە دژایەتییان دەکەن، بگرە زۆر جار لە کەســـایەتییان دەدەن. بەشـــداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان، هۆکار و رێکارەکانی چارەســـەری ئەو دیاردەیە تاوتوێ دەکەن.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئافرەتانی چینە جۆراوجۆرەکان، لە زۆر بواردا وەک فشارهێنان بۆ سەر کەلتووری دواکەوتووەکان و بە قبووڵکردنی باجی گەورە توانیویانە سیستمی پیاوسالاری ناچار بە گەڕانەوە بکەن و مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەدەست بێننەوە**

**نە هەموو ئافرەتێک فریشتەیە و نە هەموو پیاوێکیش ئیبلیسە، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی پیاوان لە دەرکەوتنی ئافرەتی خێزانەکانیان دەترسن، زیاتر بۆ ژینگەی نەریتییان دەگەڕێتەوە**

**دیاریکردنی مافەکانی ئافرەت لە دەستووردا، بێ گوێدان بە پرەنسیپە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە رێگری لە پەراوێزخستنی ئافرەت دەکات**

شەونم عەبدول چالاکی کۆمەڵی مەدەنییە و قسەکانی بە چەند پرسیار دەست پێدەکات و دەپرسێت: بۆچی بە درێژایی مێژوو ژن لە پێگەی دراوە و بەرامبەر بە دەسەڵات دۆڕاوە؟ بۆچی ژن بە درێژایی مێژوو بە چاوێکی کەم سەیرکراوە و بە دەگمەن ئافرەتی سەرکردە هەڵکەوتووە؟ دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە «تێکۆشانە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان و رێکخراوە ئەکتیڤەکانی بزاڤی ژنان، لە بەرامبەر جیکارییە رەگەزییەکاندا هەوڵی بارهێنان و پێگەیاندن و بردنەسەری ئاگایی رەگەزی ژنان و بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان داوە، ئەوەش هۆکارێکە کە وایکردووە ئافرەتان بە هێزێکی زیاترەوە بتوانن بەربەرەکانێ لەگەڵ سیستمی پیاوسالار بکەن و مەیدان لە بەرژەوەندی ئەو سیستمە چۆڵ نەکەن. ئەگەرچی زۆرجار لە سەر پێداگیریمان بۆ بەدەستهێنانی پلە و پایە و دەسەڵات لێرە و لەوێ لە کەسایەتیمان دەدرێت».

شەونم جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەموو کاتێك لەسەرخۆیی ژنان هەوڵی دۆزینەوەی رێکار و چارەسەرگەلێکی پوزەتیڤ بووە بۆ لەناوبردنی کێشەکان و بەربەرەکانێ لەگەڵ رووداوە جۆراوجۆرەکان، پیاویش هەموو کاتێك بە شەڕ و کێشەنانەوە و دانانی بەربەست لەسەر رێگەی بەرامبەری، دەسەڵاتخوازیخۆی برەو پێداوە، ئەگەریش ژنان لەو قۆناغەدا توانای بەرابەری و ئەکتیڤ بوونی خۆیان دەرخستبا بە ئاسانی دەیانتوانی دەسەڵاتخوازی و ئاسایشی پیاوان تووشی ئاڵۆزی بکەن. ئەم رێکارە زیرەکانە دەتوانێ هەمان ئەو بابەتگەلە بێت کە بە ناهەقی لە پەیڤی پیاوانەدا بە ناوی مەکری ژنانە باسی لێوە دەکرێت. بە پەراوێز خستنی ژنان لە بەدەستهێنانی ئاگایی و فێربوون، هەلی دەرکەوتنی بیرۆکەکانیشیان لێ سەندراوەتەوە و ئەم پەراوێزخستنە تا سەدەی بیستەمیش لە زۆربەی وڵاتاندا، دژبە ژنان پێڕەو کراوە و شتێکی رەوا بووە لە نێو کۆمەڵدا، تا ئەمڕۆکەش لە نێو بەشێك لە کۆمەڵگە گەورەکان و بە ڕواڵەت پێشکەوتووەکانیشدا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەبیندرێت. بەڵام ژنانیش دەستەوئەژنۆ دانەنیشتوون و زیاتر لە سێ سەدەیە تێکۆشانی بەربڵاوی خۆیان دەست پێکردووە و توانای وەرگرتنەوەی مافی خوێندنیان بووە. ئافرەتانی چینە جۆراوجۆرەکان، لە زۆر بواردا وەك فشارهێنان بۆ سەر کەلتووری دواکەوتووەکان و بە قبووڵکردنی باجی گەورە توانیویانە سیستمی پیاوسالاری ناچار بە گەڕانەوە بکەن و مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان بەدەست بێننەوە. گەرچی سیستمی پیاوسالار بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵات و کەلتووری نەریتییەکان لە بوارگەلێکی دیکەوە کەوتەوە مەیدانی بەربەرەکانێ، بەڵام بە خۆشییەوە ئەم هەوڵانە نەك نەبوونەتە کۆسپ، بەڵکو هۆکاری چارەسەرین، هەنووکەش دەتوانین بڵێین کە ئەم هەڵاواردنانە لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکان و بەتایبەت لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا هەر ماون و تەنیا جۆر و شێوازی هەڵاواردنەکە گۆڕدراوەو رواڵەتێکی دیکەی بەخۆوە گرتووە و لە قەوارەیەکی دیکەدا مانەوەی خۆی دەپێوێ و هەوڵ بۆ لە پەراوێزخستنی ژنان لە بەدەستهێنانی ئاگایی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری، لە قەوارەگەلێکی نوێ و بە نێو پێشکەوتوودا، دەدا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژنان لە هەوڵی داگیرکردنێکی لەسەرخۆن و ئەوەش بۆ پیاو مایەی مەترسییە.»



نەقیبی مافپەروەر فلامینا وەحید، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «نە هەموو ئافرەتێك فریشتەیە و نە هەموو پیاوێکیش ئیبلیسە، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی پیاوان لە دەرکەوتنی ئافرەتی خێزانەکانیان دەترسن، زیاتر بۆ ژینگەی نەریتییان دەگەڕێتەوە. بە هەڵە ناسین و تێنەگەیشتنی پیاو لە ئافرەت، وای لێدەکات، خۆی زۆر بە گەورەتر بزانێت و بە خراپی مامەڵە لەگەڵ پیرۆزی ئافرەت بکات، تەنانەت ببێتە هۆکاری لەناو چوونی ژیان کەرامەت و مرۆڤ بوونی ئافرەت و بەو پەڕی دڕندەییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. بۆ نموونە کچێك کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك هەیە، ئەو کوڕەی لە باسەکانیدا شەرەف لە هەڵسان و دانیشتنی دەتکێت، کەچی تەنیا رووکەشە و کاتێك دەیەوێت واز لەو کچە بهێنێت کە پەیوەندی لەگەڵ هەیە، ئەوا هاوڕێیەکی رادەسپێرێت تاقی بکاتەوە، دواتر بە تۆمەتی خیانەت بە جێی دەهێڵێت. لە نێوان ژن و پیاویش شتی لەو جۆرە رووی داوە و بە هۆی مارەیی زۆرەوە، پیاوەکە کەسێك رادەسپێرێ کە بە کردارێك هاوکاری بکات بۆ تۆمەت هەڵبەستن، تاوەکو ئافرەتەکە ناچار بکەن لە مارەیی خۆی خۆش بێت، هەر ئەو پیاوانەشن کە بە سۆزانی کردن و بە کاڵاکردنی ئافرەت دروست دەکەن.» گوتیشی: «پارێزەری شەرەف و جەستەی ئافرەت، خودی ئافرەتە و خۆمان دەتوانین بیپارێزین، نەك پیاو. من لێرەوە تکا لە ئافرەتان دەکەم وریای خۆیان بن، بەهێز بن لە ژیان، پێویستە ئافرەتان گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاگامەندی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەبێتە مایەی رووخانیان و هەرچی بەربەرەکانێ و دژایەتی هەیە، شکستی پێ بهێنن.»

چالاکی مافناس عیماد ئەحمەد، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستا پیاوان لە زۆربەی بوارەکانی ژیان دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەر ئافرەتاندا سەپاندووە و نەیانهێشتووە پێشەوایەتیان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتانی زۆر لێهاتوو و زیرەك و بوێرمان هەبووە کە شان بەشانی پیاوانمان کاری زۆر باشیان کردووە و هەر لە سەردەمی شاخ و ئیستاش لە شار لە سەرجەم بوارەکان جێ پەنجەیان دیارە و بە لێهاتوویی و زیرەکی ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ دەکەن. ئەگەر جاران ئافرەتان ئەو مەجالەیان بۆ نەڕەخساوە و بە هۆی کۆمەڵێك داب و نەریت لە چوارچێوەی ماڵەکان کۆت کرابوون، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ئافرەتان لە سەرجەم بوارەکان کار دەکەن و سەرکەوتنی بەر چاویان بەدەست هێناوە.» سەبارەت بەوەش کە پیاوان بۆچی کۆسپ بۆ ئافرەتانی باڵادەست دروست دەکەن؟ گوتی: «پێموایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە پیاوان دەزانن جێی خۆیان بکەنەوە و زیاتر پشتی یەکتر دەگرن. دەیانەوێ شتەکان وەك میراتی لە پیاو بۆ پیاو و بمێنێتەوە، بۆیە لە ژنە زیرەکەکان دەترسن و هەوڵ دەدەن جێیان پێ لێژ بکەن، بە واتایەکی دیکە کورسییان لە ژێر دەربهێنن و دەسەڵاتەکان هەمووی بۆ خۆیان قورغ بکەن». گوتیشی: «دیاریکردنی مافەکانی ئافرەت لە دەستووردا، بێ گوێدان بە پرنسیپە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە رێگری لە پەراوێزخستنی ئافرەت دەکات.


PASSPORT

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# قاچاخچییەک فێڵ
# لە خۆشەویستەکەی و خێزانەکەی دەکات

**لەوانەیە کەس نەتوانێ حاشا لەوە بکات کە لە دەسەڵاتەکانی هەموو وڵاتانی دنیادا بە کوردستانیشەوە، دیاردەی گەندەڵی بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، هەوڵەکانی چاکسازی و بنبڕکردنیشی بە دروشم و کردار کەم و زۆر هەستی پێدەکرێ. هاوکات لە ناو هاووڵاتییانی هەر وڵاتێکیشدا ژمارەیەك کەسی ساختەچی و فێڵباز هەن، کە تەنانەت ڕەحم بە خێزانی شەهید و هەتیوانی بێ باوك ناکەن. کچێکی کوردیش کە تووشی یەکێك لەو کەسانە بووە، بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەخاتەڕوو.**

**ئەو قۆڵبڕە بڕی ٢٠ هەزار دۆلاری خواردین، کەچی لە فەیسبووکەکەی نووسیویەتی: ئەی کوردستان ئەوە بەجێتدێڵم بۆ بەرپرسە گەندەڵەکان**

من لە ناو خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمانپەوەر و باوك پێشمەرگەدا گەورە بووم. ساڵانێکی زۆریش ئاوارەی ئێران بووین. بەڵام زۆر بەداخەوە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە نازی باوك بێبەش کرام. باوکم بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، لەوە بەولاوە دایکم شانی دایە ژێر هەموو مەینەتییەکانی ڕۆژگارمان. من و سێ برامی وەکوو دەستەی گوڵ بەخێو کرد. دوو برام دەرچووی زانکۆن و منیش بەشی ڕاگەیاندنم لە پەیمانگە تەواو کردووە. برای بچووکیشمان ئەمساڵ لە زانکۆ وەرگیراوە. دایکم فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی بوو. یاریدەدەری پزیشك بوو. دوای ئەوەی خانەنشینیش کرا، هەر لە ماڵەوە کاری دەکرد. عەیادەیەکی گچکەی لە ناو حەوشەی ماڵی خۆمان دانابوو، زیاتر ئافرەتان سەردانیان دەکرد. ڕەحمان کوڕێکی هاوڕێی براکانم بوو، بەلای ناخێریەوە هاتوچۆی ماڵمانی دەکرد. وەك خۆی باسیکرد، ساڵێك دەبوو کاری کڕین و فرۆشتنی دۆلاری دەکرد. دواتر بۆمان روون بووەوە کە بە نهێنی دەستی لەگەڵ قاچاخچییەکان تێکەڵە و خەڵکی لە وڵات دەردەکات. ئەوەندەی لە بن گوێی براکانمی خوێندبوو، چوون بۆ هەندەران ببووە خەون و خولیای دوو برا گەورەکەم و هیچ دوای کار و کاسبی نەدەکەوتن، فشاری زۆریان خستە سەر دایکم بۆ ئەوەی رازی بێت خانووەکەمان بفرۆشێت و خانوویەکی بچووکتر بکڕێ. دایکیشم دوای ئەو ماوەیەی کە ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەورووپی دەرگایان بۆ پەنابەران کردەوە، بە ناچاری رازی بوو، خانووەکەی فرۆشت و خانوویەکی بچووکتری کڕی. شتێ کەمتر لە دوو دەفتەر دۆلارمان بۆ مایەوە. ڕۆژێکیان ڕەحمان هات بۆ ماڵمان و یەك دەفتەر دۆلاری لەگەڵ خۆی هێنا و دایە دەست دایکم و گوتی: نەجیبەخان ئەوە پارەی منە و بۆ سەفەرم داناوە، تۆش دوو دەفتەر بخەرە سەری و لای برادەرێك دایدەنێین، کاتێ گەیشتینە شوێنی خۆمان، ئەوە پارەی قاچاخچییەکان دەدەین. ڕاستییەکەی ڕەحمان دڵی منیشی بردبوو، زۆر متمانەم پێدەکرد. بەڵێنی دا ببینە هاوسەر و منیش بباتە دەرەوەی وڵات، بەردەوام لە فەیسبووك چاتمان دەکرد. بەڵام نەمزانی هەموو گیانی فێڵە. ئەو ساختەچییە قۆڵبڕە بڕی دوو دەفتەر دۆلاری خواردین، کەچی لە فەیسبووکەکەی نووسیویەتی: ئەی کوردستان ئەوە بەجێتدێڵم بۆ بەرپرسە گەندەڵەکان. پارەکەی بە چاوبەستنی ئێمە برادەرێکی هێنا بۆ ماڵەوە و گوتی: ئەوە هاوڕێی خۆم و متمانەپێکراوی قاچاخچییەکانیشە، کوڕەش هەزار سوێندی خوارد و گوتی: ڕێگاکە سەلامەتە و لە دەریا و شوێنی مەترسیدار بە دوور دەبن، هەمووی بە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و شەمەندەفەڕە و هیچ خەمتان نەبێ. بۆیە داوای پارەی زۆریان کردووە و لە بەر خاتری من، سەرو پەنجا وەرەقەشیان بۆتان شکاندووە. دایکیشم بڕوای پێکرد و هەر سێ دەفتەر دۆلارەکەی پێدا. ژمارە مۆبایلیان بە یەکتری دا و بۆ سبەینێ ڕەحمان و هەردوو براگەورەکەم جانتایان بەست و بەرەو تورکیا بەڕێکەوتن. دوو سێ ڕۆژی پێنەچوو، ئۆمێدی برام تێلی کرد و گوتی: ڕەحمان دیار نییە و ئێمەش پارەمان پێ نییە و لەو غەریبییە داکەوتووین. دایکم بە پەلە بڕێك پارەی بۆ قەرزکردن و ڕەوانەی تورکیای کرد. دوای هەفتەیەکیش ڕەحمان هەر بێسەروشوێن بوو. ئەو کوڕەی برادەریشی بەردەوام مۆبایلەکەی داخرابوو. دایکم زانی دەستیان بڕیوین، بە براکانمی وت بگەڕێنەوە. ئەوەتا نزیکە مانگێکە ئەو دوو نامەردە دیار نیین، هەفتەیەك پێش ئەوەش سەفەر بکەن، ماڵی باوکی ڕەحمان گواستبوویانەوە، ئومێدی برام نە شوێن و ماڵی تازەیان دەزانێ، نە ژمارە موبایلی کەسیانی لایە. براکانم تووشی خەمۆکی بوون، ئەوەندەی بیری لێدەکەنەوە، دایکیشم هەر دڵیان دەداتەوە. بەڵام لە چەند ڕۆژی رابردوو ڕەحمان کورتە نامەیەکی بۆ ئۆمێدی برام ناردبوو، نووسیبووی: ببوورن پارەکە بەشی نەکرد، من لە ئەڵمانیام و لە ماوەیەکی کورتدا هەوڵ دەدەم پارەکەتان بۆ بنێرمەوە. ئەوەش دوا پەیوەندییان بووە.

**بەڵێنی دا ببینە هاوسەر و منیش بباتە دەرەوەی وڵات، بەردەوام لە فەیسبووک چاتمان دەکرد. بەڵام نەمزانی هەموو گیانی فێڵە**

**چوون بۆ هەندەران ببووە خەون و خولیای دوو برا گەورەکەم و هیچ دوای کار و کاسبی نەدەکەوتن، فشاری زۆریان خستە سەر دایکم بۆ ئەوەی رازی بێت خانووەکەمان بفرۆشێت**

# بەدیهێنانی یەکسانی کۆمەڵگا لە دایکەوە دەست پێدەکات

**لە کاتێکدا لە لاپەڕەکانی مێژوودا باسی ئەوە کراوە، سەردەمێك ئافرەت باڵادەست بووە کە بە سەردەمی (ماتریارکی) واتە دایکسالاری بەناوبانگە، بەڵام دوای هاتنی قوناغی کشتوکاڵ و دەستپێکردنی قۆناخی دەرەبەگی ئەو تۆڵەیە لە ئافرەت کرایەوە و سیستەمی دەسەڵاتی گۆڕی بۆ (پاتریارکی) واتە باوکسالاری و لەو کاتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستێرەی ژن روو لە ئاوابوون بووە، دەروونناسانیش پێیانوایە دایکی دیلکراو ئەستەمە بتوانێ رۆڵەکەی فێری ئازادی و خۆشەویستی و لێبووردەیی بکات، بەڵام زانایان زۆر جار جەختیان لەوە کردووەتەوە کە هۆشیاری پیاو یەکسانە بە هۆشیاری تاکە کەسێك، بەڵام ئەگەر دایکێك هۆشیار بێت، نەوەیەك هۆشیار دەبێت.**

سەرەتا نووسەر و رۆژنامەنووس یوسف مەنتك، باسی ئەوە دەکات کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا تەنیا جیاوازی فیزیکی واتە پێکهاتەی ئۆرگانەکانی لەش شتێکی بەرچاوە، بەڵام لە توانای هزری و بەرهەمی فکری و بەڕێوەبردنی خێزاندا ئافرەت رۆڵی لە پیاو ئەگەر زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. هاوکات دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کەلتووری ئایینی باڵادەستە و ژن رۆڵێکی ئەوتۆی پێنەدراوە کە بتوانێت تەواوی مافەکانی دەستەبەر بکات. ئەگەر سەیری ئەفغان تان و ئێران و سعودییە و گشت وڵاتانی کەنداو بکەین، دەبینین دەسەڵاتی پیاوسالاری زاڵە بە سەر گشت جومگەکانی ژیاندا، کوردستانیش لەو پەتایە بەدەر نییە. گەرچی ململانێی حزبەکان وایکردووە، ئافرەتان لە چەند بوارێکدا دەربکەون، بەڵام هێشتا ژینگەیەکی گونجاو بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و مسۆگەرکردنی مافەکانی مرۆڤ بێ جیاوازی رەگەزی، بەدی ناکرێت.

ئەو رۆژنامەنووسە رایوایە «سیستمی پەروەردە لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان تا خوێندنی باڵا ئەگەر خاوەن پلان بێت، رۆڵی سەرەکی هەیە بۆ هۆشیاریی تاك و دروستبوونی کەسایەتییەکی یەکسانیخواز، هەروەها فاکتێکی گرنگ بۆ بایەخدان بە ئافرەت و تواناکانی، داڕشتنی یاسایەکە کە هەمووان پابەند بکات، رەوتی ژیان بە یەکسانی رەگەزی رێك بخات، بەڵام کاتێك یاسای وا نەبێت، یاسای مێگەل و یاسای زۆرداری پیادە دەکرێت، کە تەنیا بەرژەوەندی پیاو دەپارێزێت». وتیشی: «ژن کۆتایی بە دەسەڵاتی قەیسر لە ڕووسیا هێنا. ئەوە دوو خولە ئافرەتێك ئەڵمانیا ئیدارە دەکات کە بە ژنە ئاسنینەکە ناسراوە. بە سەدان نموونەمان لە بواری ئەدەب و هونەر و تەنانەت لە بواری ئابووری و سیاسەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە، کە ژنانی سەرکەوتوون، بەڵام لە لای خۆمان نەك ئافرەت، بگرە پیاوانیش خاوەنی ئیرادەیەکی وا نین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەواو حزبیمان هەیە، ڕێکخراو و سەنتەرەکانی تایبەت بە خانمانیش دابەش بوون بە سەر چەند گرووپ و ئایدیۆلۆژیایەك، کاتێك داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەکەن، کە لە بەرەی نەیاریان بێت، ئەو رێکخراوانە زیاتر خەریکی پارە خواردنن، تاك و تەرا ژنانێك هەن داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەکەن، ئەوانیش هەردەم لە ژێر هەڕەشە و توانج و پلار و سووکایەتی پێکردنن. بە کورتی لە کۆمەڵگەیەکی سەقەتی حزبی و کۆیلەی ئایین، نە تاك هۆشیار دەبێت، نە یاسا سەروەر دەبێت، نە مافی ئافرەتیش جێگیر دەبێت، بۆیە تا ئێستاش کەلتووری ژنکوشتن و سووکایەتی بە ژن باڵادەستە وئافرەت وەك کاڵایەك سەیر دەکرێت.»

خوناو عوسمان سەرپەرشتیاری لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، قسەکانی بەوە دەستپێدەکات کە: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پەروەردەکردنی منداڵ بووەتە ئەرکێکی سەرەکی دایك و حکومەت

**لە کۆمەڵگەیەکی سەقەتی حزبی و کۆیلەی ئایین، نە تاک هۆشیار دەبێت، نە یاسا سەروەر دەبێت، نە مافی ئافرەتیش جێگیر دەبێت**

**سیستمی پەروەردە لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان تا خوێندنی باڵا ئەگەر خاوەن پلان بێت، رۆڵی سەرەکی هەیە بۆ هۆشیاریی تاک و دروستبوونی کەسایەتییەکی یەکسانیخواز**

و کۆمەڵگە خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە دزیوەتەوە و نەیانتوانیوە شانبەشانی دایك رۆڵەکان پەروەردە بکەن، پێچەوانەی وڵاتانی رۆژئاوا کە منداڵ هێشتا لە سکی دایکیدایە حکومەت زۆر لە بەرپرسیارێتییەکانی دەگرێتە خۆی، دوای لەدایکبوونیشی لە قۆناغی دایەنگەوە پەروەردە دەکرێت، کەواتە ئەرکی دایك زۆر سووك دەکرێ، کەچی لێرە تاوەکو منداڵ دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن هەر لە ژێر چاودێری و کاریگەری دایکدایە، زۆریش زەحمەتە ئەو دایکە بتوانێت جگەرگۆشەکەی بکاتە تاکێکی چالاك و کارا، چونکە ئاستی پەروەردەکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دایکەکە تاچەند هۆشیار و رۆشنبیرە، بۆ ئەوەی منداڵەکەی پێ گۆش بکات، تاوەکو ئەو منداڵە لە داهاتوودا لە ژێر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی لە دایکیەوە فێر بووە پەرە بە رۆشنبیرییەکەی خۆی لە هەموو فاکتەرەکانی ژیان بدات، بۆ نموونە بەشێك لە دایکانی وڵاتەکەمان پەروەردەکردنی نەوەی دوارۆژ و بیری نەتەوەیی و ئینتیمای نیشتمانییان فەرامۆش کردووە، بۆیە ئینتیمای نیشتمانی گەنج تا رادەیەك لاواز بووە و خۆشەویستی نیشتمان نەبۆتە ئەرکی تاك، پێویستە ئەوە خەمی دایك بێت کە منداڵەکەی زمانی گرت و رەنگەکانی لە یەکتر جیاکردەوە، بە پیرۆزی ئاڵای نەتەوەکەی گۆشی بکات، ئەوکات دەتوانین پشت ببەستین بە داهاتوویەکی گەش بۆ گەل و نەتەوەکەمان، دەبینین منداڵ لە دەستپێکی تەمەنیدایە و تازە فێری ئەلف و بێ بووە، دایك و باوك فێری ئایەتێکی قورئانی زۆر گرانی دەکەن، کە فشارێکی زۆر لەسەر مێشکی ئەو منداڵە دروست دەکات، بەڵام هەوڵ نادەن فێری ناسینی وشەی کوردستان و ئاڵای کوردستانی بکەن، ئەگەر دایك لە مەلەسە نەتەوەییەکان و هەموو ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆکاری پێشکەوتنی ژیان، هۆشیار بوو، بێگومان منداڵ هوشیاریش پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکات، گەرچی ناکرێ لە پەروەردەکردندا لایەنەکانی دارایی و کۆمەڵایەتیش فەرامۆش بکرێ، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا منداڵ تەنیا فێری دوو وشە دەکرێ، ئەویش وشەی (مەکە و عەیبە)یە، لە ئەنجامدا منداڵێکی شەرمن و بێ کەسایەتی لێدەردەچێت، کەواتە هۆشیاری دایك یەکسانە بە هۆشیاری کۆمەڵگەیەك.

دەروونناس سەرخێڵ حاجی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دایك مافی خۆیەتی شانازی بە خۆیەوە بکات، چونکە پرۆسەی دایکایەتی سەرچاوەی ژیانە، یەکەم زمان کە منداڵ فێری دەبێ (زمانی دایکە)، چونکە دایك لە هەموو کەس نزیکترە و پێوەندییەکی مەزنی رۆحی لە نێوان منداڵ و دایکدا هەیە، بۆیە سروشتییە منداڵ یەکەم وشە لە دایکەوە فێر دەبێ. کەوایە دایك گەورەترین قوتابخانەیە و بەرچاوترین رۆڵی لە گەشەی زماندا هەیە و ئافرەت سەرچاوەی زمانە و بکەرێکی باڵادەستە بۆ پاراستنی زمانەکەمان وەکو کورد، منداڵ هەر لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی ژیانیەوە بە تیشکی ئەوین و عاتیفەی دایکیەوە گرێ دەدرێ، دایك بە شێوەی فیزیکی و رۆحی و ئەخلاقی لە خزمەت رۆڵەکەیدایە و پەروەردەی دەکات، لە هەموو بارێکیشەوە دەتوانێ کاردانەوەی لەسەر منداڵەکەی هەبێ. ئەرکی دایك لەگەڵ ئەوەی زۆر پیرۆز و پاکە و جێگای رێزە، زۆریش ئەرکێکی قورس و گرانە، چونکە ئەرکی دایك تەنیا بەخێوکردن و شیرپێدان و خاوێنکردنەوە نییە، گەشانەوە و پێگەیشتنی هەر نەتەوەیەك پەیوەستە بە لێزانی و تێگەیشتنی ئافرەتانی ئەو میللەتەوە. واتە هەر نەتەوەیەك ئافرەتەکانی زانا و رووناکبیر بن، ئەو نەتەوەیە مەزن و ئازاد و سەربەرز دەبێ.

ئەو دەروونناسە جەختی لەوە کردەوە کە «ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەردەوام زوڵمی لێکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ بووە بە دایك، زۆر بەرپرسانە شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە پیرۆزە و منداڵی پێگەیاندووە»، وتیشی: «بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆربەی دایکەکان چەوساوەن و وەك فەریسە لە قەفەزی دیلێتیدان، بۆیە ئەستەمە ئەم جۆرە دایکانە بتوانن منداڵەکانیان فێری ئازادی و خۆشەویستی و لێبووردەیی بکەن، ئەگەر ژنان و کچانمان تێکەڵ بە زانست و خوێندنەوە بن و ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان رووناك بێ، نەوەیەکی زانا و هۆشیار پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکەن.

